# ڕاپرسی لەمەڕ میدییای بینراوی کوردی (کەناڵی ئاسمانی)

% 43 ی بینەران هەواڵی هیچ کام لەکەناڵە ئاسمانییەکان بەسەرچاوەنازانێت ،

و

% 73 ی بینەرانی کورد لەهەندەران ، بینەری گۆرانی وکلیپن

**ئەنجامدانی :کامەران ئیسحاق پەری**



زەمەنێکی زۆر دوورنییەتەلەڤیزۆنی کوردی لەڕووی پانتای بڵاوبوونەوە (جوگرافیا و سنوری پەخش) کردن لەمیدیایەکی بچوکی (لۆکاڵی ناوچەی) یەوە بەرەو میدیایەکی گەورەی (گلۆباڵی) مل بنێت. ئەمرۆولەپاش هەبوونی زیاترلەچەند دانەیەک وزۆربوونی پێگەی کەناڵی ئاسمانی کوردی لەمەکۆی کەناڵە سەتەلایتیەکان جێی خۆیەتی بپرسین تەلەڤزیۆنی کوردی (کەناڵی ئاسمانی) تاچەند توانیویەتی لەگەڵ هەست وئاگایی بینەرەکانیدا پەیوەندی دروست بکات؟ ئایا بەرنامەی تەلەڤیزۆنە کوردیەکان بەرهەمی شارەزایانەلەبواری تەلەڤیزۆندا، یان بەرهەمی ئەزموونی ڕاگەیاندن وخەباتی شاخن !... تەلەفیزیۆنەکان تاچەند کاری داهێنەرانەی تییدا دەکرێت؟ ئەوشوناسە چی یەکەئەمرۆ کەناڵە کوردیەکان پێی دەناسریتەوە؟ لەسەرئاستی میدیای پێشکەوتوی بینراو وجیهانبینی کەناڵە کوردی یەکان خۆیان لەکوێدادەبیننەوە؟ تاچەند ئەم رایە راستە کەدەڵێت: کاری تەلەڤیزۆنەکوردییەکان لەسنوری کێبرکێیەکی ئایدۆلۆژی تەسک تێپەڕناکات.... بۆئەوەی وەڵامی هەموو ئەمانە بدەینەوە،پێویستیمان بەبەدواچوون ولێکۆڵینەوەهەیە.

- توێژینەوەو ئاخافتنیش لەسەرتەلەڤیزۆن بەگشتی وپرۆسەی (خوێندنەوەی شاشە)بەتایبەت لەبەرئەوەی تێکەڵەیەکە لەدەنگ وڕەنگ ونوسین. بێ گەڕانەوە بۆبینەر (وەرگر) کەرەگەزی شەریکی پرۆسەی کۆمینکێشنە،کارێکە ناکامڵە، هەربۆیەش ڤین بۆیەکەمین جار لەپێناو خوێندنەوەیەکی ڕاستگۆتر بۆکار و ڕۆڵ و کاریگەری کەناڵە کوردییەکان ڕاستەوخۆ لەڕێگەی ڕاپرسییەکەوە پرسیار لەخەڵک دەکات.

ئەم ڕاپرسییەی ڤین تەنها لەسەر ئاستی بینەری کوردە لەئەورووپادا، و دانیشتوانی کورد لەحەوت وڵاتی ئەورووپا بەنمونە وەرگیراوە.

**ئەم ڕاپرسییە:**

- لەوڵاتانی ئەوروپای کورد لێ بووی (سوید، ئەڵمانیا، نەرویج، هۆڵەندا، بەریتانیا، فەرەنسا،دانیمارک ) ئەنجامدراوە.
- قەبارەی (سمپڵ ) نمونە ی وەرگیراو وکارپێکراو 600 نمونەیە
- شێوازی دابەشکردنی فۆڕمەکان هەرەمەکی یە.
- کاتی ئەنجامدان وجێبەجێکردن دیسەمبەری 2006 ـ یولی 2007

*سەبارەت بەبەشداری هەردوو ڕەگەز :*

| ڕەگەز | کەس | ڕێژە |
|---|---|---|
| نێر | 375 کەس | 62.5% |
| مێ | 225 کەس | 37.5 % |

ژمارەی بەشداربووان : 600 کەس

سەبارەت بەبەشداری تەمەن :

| نێوەندی تەمەن | ژمارەی فۆرم | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| 15 ـ 19 ساڵ | 11 کەس | 2% |
| 20 ـ 29 ساڵ | 213 کەس | 35.5 % |
| 30 ـ 39 ساڵ | 236 کەس | 39 % |
| 40 ـ 49 ساڵ | 92 کەس | 15.5% |
| 50 ـ 59 ساڵ | 33 کەس | 5.5 % |
| 60 ساڵ بەرەوژور | 15 کەس | 2.5 % |

سەبارەت بەباری خێزانی بەشداربووان :

| باری خێزانی | ژمارەی فۆرم | ڕێژە |
|---|---|---|
| خێزاندار | 409 | 68 % |
| سەڵت | 191 | 32 % |

- سەبارەت بەزیاتر تەماشاکردنی کەناڵێک یاخود چەندکەناڵێکی ی دیاریکراو لەکۆی ئەوهەشت کەنالەی کەپرسی یان لەمەڕکراوە: ئەنجامەکە بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوە:

ئەنجام :

| ناوی کەناڵ | بەپلەی یەکەم | ڕێژەی سەدی | بەپلەی دووەم | ڕێژەی سەدی | بەپلەی سێیەم | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆژ تیڤی | 55 | 9 % | 15 | 3.5 % | 22 | 7.6 % |
| کوردستان تیڤی | 74 | 12% | 98 | 23 % | 98 | 34 % |
| کوردسات | 313 | 52 % | 123 | 29 % | 32 | 11 % |
| زاگرۆس | 99 | 16.5% | 156 | 36 % | 83 | 29 % |
| میزۆپۆتامیا | 10 | 1.6% | 12 | 2.8 % | 10 | 3.4 % |
| ڕۆژهەڵات | 18 | 3 % | 9 | 2 % | 20 | 7 % |
| تیشک | 22 | 3.6% | 12 | 2.8.% | 12 | 4 % |
| کۆمەڵە | 9 | 1.5 % | 5 | 1 % | 13 | 4.5% |

بەپێی وەڵامی بەشداربووان

لەپلەی یەکەمدا 313 کەس تەماشای کەناڵی کوردسات ، زاگرۆس 99 کەس کوردستان تیڤیٚ 74 کەس ڕۆژ تیڤی 55 کەس

لەپلەی دووەمدا زاگرۆس زۆرترین بینەری هەیە 156 کەس پاشان کوردسات 123 کەس کوردستان تیڤییش 98 کەس بینەریەتی

لەپلەی سێهەمدا کوردستان تیڤیٚ لەپێشی تەلەڤیزۆنەزۆربینراوەکانە 98 کەس پاشان زاگرۆس 83 کوردسات 32 کەس

سەرنج :

| حیزب | خاوەنی کەناڵ | شوێنی پەخش |
|---|---|---|
| پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێراق | 3 کەناڵ(کوردستان. زاگرۆس ، نەورۆز1) | کوردستان ـ هەولێر |
| پارتی کرێکارانی کوردستان | 3 کەناڵ (ڕۆژتیڤی. میزۆپۆتامیا ، نەورۆز2 ) | بەلجیکا ، دانیمارک.سویسرا |
| یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | 2 کەناڵ (کوردسات ، گەلی کوردستان) | کوردستان ـ سلێمانی |
| کۆمەڵەی ئێران هەریووباڵەکەی | 2 کەناڵ ( ڕۆژهەڵات. کۆمەڵە) | سوید . بەریتانیا |
| پارتی دیموکراتی کوردستان ـ ئێران | 1 کەناڵ (تیشک) | فەڕەنسا |

بەم پییەش دەردەکەوێت کەکەناڵەکوردیەکان لەرووی کلتوریەوە گرێدراوی ئایدۆلیژیای حیزبەکانن ناسنامەی کارکردنیشیان بەهۆی دەسەڵاتێکی سیاسییەوە گرێدراوە و لەویشەوە ئاراستە دەکرێت..کارکردنەکەشیان لەململانێ وکێبڕکێیەکی تەسکی ئایدۆلیژی داخۆی دەبینێتەوە.

- سەبارەت بەهەواڵ

پرسیاری ڕاپرسییەکە : بۆهەواڵ کام لەم کەناڵانە بەسەرچاوی هەواڵی خۆتی ئەزانێت. تکایە ناوی دووان. یاخود سیان لەو کەناڵانە لەخانە بەتاڵەکاندا.بنوسە ، ئەگەر هیچیان بەسەرچاوە نازانیت ئەوابەتاڵی بەجێبهێڵەو خانەی هیچیان دەستنیشان بکە .

ئەنجام:

لەکۆی 600 کەس 258 کەس بۆهەواڵ زانین هیچ کام لەکەناڵەکان بەسەرچاوەی هەواڵ وزانیاری خۆی نازانێت وپشتی پێنابەستێت ئەم ڕێژەیەش 43 % ی دەنگدانەکە دەکات پاشان بەچوار کەناڵەوە ئینجا دەتوانن ڕێژەی 57 % پێکبێنن کەناڵەکانیش ئەمانەن (کوردسات. کوردستان تیڤی. زاگرۆس. ڕۆژ )

| ژمارەی فۆرم | خانەی هەڵبژێراو | ڕیزبەندی | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| 258 کەس | هیچیان | یەکەم | 43 % |
| 166کەس | کەناڵی کوردسات | دووەم | 28% |
| 77کەس | کەناڵی کوردستان تیڤیٚ | پلەی سێهەم | 13 % |
| 74 کەس | کەناڵی زاگرۆس | پلەی چوارەم | 12 % |
| 25 کەس | کەناڵی ڕۆژ تیڤیٚ | پلەی پێنجەم | 4 % |
| کۆی گشتی 600 | ........ | ....... | ڕێژەی 100 % |

- سەبارەت بە جۆری بینەری بەرنامەکان:

پرسیار: کام لەجۆری ئەم بەرنامانە خۆت بەبینەری دادەنێت ،واتا بەرنامەیەک کەخۆتی بۆئامادابکەیت ،تکایە وەڵامەکەت پلەداربکە، بۆ نموونە ئەگەرتولەبینەری بەرنامەی وەرزشیت کەواتە وەرزش دەبێتە بەرنامەی یەکەمین، کەئارەزومەندیت هەیە بۆ بینینی ....... هتد

*ئەنجام:*

بەپێی پلەدارکردنی یەکەم ودووەم وسێیەم ..هتد لەکۆی 600 فۆرم وەڵامەکان بەم شێوەیە بوو:

| ڕیزبەندی بەپێی یەکەمی | جۆری بەرنامە | هەڵبژێراو بەپێی ڕیزبەندی | ڕێژەی سەدی % |
|---|---|---|---|
| پلەی یەکەم | گۆرانی وکلیپ | 438 | 73 % |
| پلەی دووەم | بەرنامەسیاسیەکان | 316 | 52.6 % |
| پلەی سێهەم | بەرنامەی هونەری | 261 | 43.5% |
| پلەی چوارەم | دراماکانی ڕەمەزان | 191 | 32 % |
| پلەی پێنجەم | بەرنامەی ڕۆشنبیری | 180 | 30 % |
| پلەی شەشەم | بەرنامەی کاتبەسەربردن | 140 | 23% |
| پلەی حەوتەم | بەرنامەی وەرزشی | 107 | 18% |
| پلەی هەشتەم | بەرنامەی منداڵان | 77 | 13 % |

گۆرانی وکلیپ بەپلەی یەکەم   بەرنامەی سیاسی بەپلەی دووەم   بەرنامەی هونەری بەپلەی سێهەم

بەم پێیەش دەردەکوێت کەبینەری بەرنامەکان لەئەوروپا بەپلەی یەکەم (بینەری گۆرانی وکلیپە ) ،ئەوەی کەجێگەی سەرنج وتێرامانە ئەوەیە کە بەرنامەی منداڵان لەدواپلەدا خۆی دەبینێت واتە لەپلەی هەشتەم وکەمترین ڕێژەی دەنگدانی لەسەردراوە،ئەم ڕێژەکەمەش دەمانخاتە بەردەم پرسیاری ئەوەی داخۆ چییێت هۆی ئەوەی کەبینەری بەرنامەی منداڵان بەوشێوەیە کەم بێت لەکاتێکدا ڕێژەی بەشداریکردنی خێزان لەم ڕاپرسیەماندا 68 % ە (409 ) خێزان لەکۆی 600 فۆرم ، داخۆ بەرنامەی منداڵانی کەناڵەئاسمانیەکان لەئاست تێرکردنی ئارەزووە منداڵیەکانمان نین یاخود خێزانی کوردی کەمترخەمە لەڕاهێنانی منداڵانیان بۆتەماشاکردنی بەرنامەی منداڵان .؟ خۆ ئەگەر بێت و کەناڵە کوردیەکان کەمتەرخەم وخەم ساردبن بۆ منداڵان ئەوا ڕاستەگەربلێن (منداڵی کورد بەهۆی تەلەڤیزۆنەوە گەورەترین زیانی پێ کەیشتووە لەئایندەشدا زۆرترین باج دەدات)

سەبارەت بە بەرنامەی وەرزشی کەلەپلەی بەرلەکۆتای خۆی دەبینێت وتەنها107 کەس خۆی بەبینەری ئەزانێت دەمانخاتە بەردەم گومان لەوەی کەئێمە کۆمەڵگاییەکی وەرزشکار بین (وەرزشکار بەمانی ئەوەی وەرزش خولیاوپیشەمان بێت) دەنا گەر ئێمە هێندەی کەیفمان بەگۆرانی وکلیپ دێت دەبوو لانی کەم لەپلەی سێهەمدا وەرزش خۆی بینێتەوە، هەندێک لەتوێژەرەکانی کۆمەڵناسی چەرخی نوێی ئەوروپا پێیان وایە (هەر کۆمەڵگایەک وەرزشکار وهونەرمەندی نەبێت کۆمەڵگایەکی نا تەندروستە) بەڵام خۆ ئێمە وەرزشکارمان هەیە ئەوەتاڵەجامی یانەکانی ئێراق یانەی هەولێر یەکەم دەبێت و لەهەڵبژاردەکاندا کورد دەبینرێتولەبەریتانیاش خولی تۆپی پێی یانەکوردی یەکان ڕێکدەخرێت ... ئەی کەواتە چی وادەکات لەپاڵ ئەمانەو لەهەبووی ڕێژەی بینەری نێوەندی تەمەنی (30 ـ 39 ) بەرێژەی 39 % کەزۆرترین ڕێژە پێکدێنیت ، و تەمەنی بینەری وەرزشی یە. کەناڵەکان بینەری وەرزش یان نەبێت !

سەبارەت بەکات :

- Aپرسیار : لەچ کاتێکدا زیاتر تەماشای ئەم کەناڵانە دەکەیت ؟

*ئەنجام:*

| کۆی گشتی | 600 | ڕێژەی 100% |
|---|---|---|
| کات | کەس،فۆرم | ڕێژە |
| شەوان | 348 کەس | 58 % |
| ئێواران | 190 کەس | 31.66% |
| بەیانیان | 38 کەس | 6.33 % |
| نیوەڕوان | 24 کەس | 4 % |

بەم پێیەش بینەری کەناڵە ئاسمانیەکان لەپلەی یەکەمدا خۆی لە ( شەواندا ) دەبینێتەوە ئێوارانیش بەپلەی دووەم کەمترین ڕێژەش نیوەڕوانە لەکۆی 600 بەشداربوو تەنها24 کەس بەنیوەڕوان ئارەزوویان کاتی بینینی تەلەڤیزۆنیان هەیە.ئەگەرئەم کاتەکاتی بینەربێت لەهەندەران . کەناڵەکان جگە لەگۆرانی وکلیپ چیان لەهەگبەدایە پێشکەشی بینەری بکەن .

※ Bپرسیار : چەند کاتژمێر بۆ تەماشاکردنی کەناڵە کوردیەکان تەرخان دەکەیت ؟

ئەنجام

| کاتژمێر | ژمارەی فۆرم | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|
| یەک کاتژمێر | 120 کەس | 20% |
| دووکاتژمێر | 180 کەس | 30% |
| سێ کاتژمێر | 110 کەس | 18.3 % |
| چوارکاتژمێر | 81 کەس | 13.5% |
| پێنج کاتژمێر | 37 کەس | 6.5% |
| شەش کاتژمێر | 26 کەس | 4.33% |
| حەوت کاتژمێر | 15 کەس | 2.5% |
| هەشت کاتژمێر | 31 کەس | 5.5 % |
| کۆی گشتی | 600 فۆرم | 100% |

ئەگەربینەری کوردی لەئەوروپا تەنها (2 کاتژمێر) لەکۆی 24 کاتژمێری پەخش بۆتەماشاکردنی بەرنامەکانی کەناڵە کوردیەکان بێت، وە بینینی گۆرانی وکلیپ لەجۆری یەکەمی بەرنامە ئارەزوومەندیەکانی بێت،وە بۆهەواڵ پشت بەهیچ کام لەکەناڵەکان نەبەستێت .ئایا دەکرێت بڵێن ڕەوەندی کوردی،لەهەندەران تەنها شت کەئەوی بەکوردستان بەستبێتەوە، گۆرانی وکلیپە،؟ داخۆئەگەر گۆرانی وکلیپ لەپەخشی بەرنامەکانی ئەم کەناڵانە لابرێت ئەتوانین بڵێن لەئەوروپا کەس نامێنێت بینەری ئەم کەناڵانە بێت.؟خۆئەگەربڵێن بینەری کوردی لەئەوروپا بینەریکە هەست بەلێپرسینەوەی نیشتیمانی ناکات، وزیاتر بەدوای کەیف وسەما دەگەڕێت وجدیەت نازانێت چی یە ! خۆ بەرنامەکانی کات بەسەربردن (تەسلییە) لەم ڕاپرسیەماندا لەخانەی شەشەمدا خۆی دەبینێتەوە .... لەکۆی 600 کەس تەنها140 کەس بەپلەی یەکەم بینەری بەرنامەی کات بەسەربردنە.

*※ لەسەرئاستی ڕەخنە لەکەناڵەئاسمانیەکان :*

*ڕەخنە یان سەرنجت هەیە لەسەرجەمی ئەم کەناڵانە یاخود لەکەناڵێکی دیاری کراو؟ ئەگەرهەتە بەکورتی ڕەخنەکەت چییە؟*

| ئەنجام | کەس | ڕێژە |
|---|---|---|
| ڕەخنەوسەرنجی هەیە | 368 کەس | 61% |
| هیچ ڕیخنەیەکی نی یە | 232 کەس | 39% |
| کۆی گشتی | 600 کەس | 100 % |



لەپاش وورد بوونەوە و خوێندنەوەی یەک لەدوای یەکی سەرجەم ئەو ڕەخنە و سەرنج و تێبینیانەی کە لەسەر ئەدائی کەناڵە کوردیەکان نوسراوە، هەست بەجۆرێک تونیەتی دەکەیت ،ئەتوانم بڵێم بینەری کوردی گەیشتۆتە ئاستێک کەناکرێت بەبینەرێکی ئاسایی یان گێل تەماشای بکەیت ستەمیشە بەئاسانی چەواشەی بکەیت وبەرنامەی کاڵ وکرچی بۆ پەخش بکەیت وبێ دەنگ بێت.لەخوێندنەوەی سەرجەم نوسین و تێبینی یەکاندا ئەوحاڵەتە بەدی دەکەین کە هێندەی خۆیان لەخواست وداواکاری ئەبینیەوە هێندەخۆیان لەفۆرمی ڕەخنە نابیننەوە. بۆیە لەڕوانگەی ڕێزگرتن لە خواست وداواکاری بینەر بەپێویستم زانی هەندێکی بێ دەستکاری بڵاوبکەینەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی حاڵەتی دووبارەبوونەوە کەدەشێت هەریەک لەم خاڵانەخواست وداواکاری چەند کەسێک بێت لەیەک کاتدا لەدوو یاخود سێ وڵاتی جیاوازی ئەوروپاکە هیچیان ئاگای لەوەی تر نی یە بەڵام هەردووکیان بینەری کەناڵی تەلەڤیزۆنی کوردین و سەرئەنجام هەمان سەرنجیان هەیە

***ڕەخنە وخواست وسەرنجەکان :***

- زۆربەی بەرنامەکان بە شێوە زاری سۆرانی یەو بە شێوەزاری بادینی بەرنامە گەلێ کەمە.!
- لەسەر ڕەوەندی کوردی لەهەندەران، ژیان، داهێنان وکێشە کۆمەلایەتی یەکانیان، خەمەکانیان.. هتد شتێکی ئەوتۆ باس نەکراوە ! بەڵام بۆ گۆرانی بێژ وشایلۆغان هەزارو یەک بەرنامەیان هەیە.
- هەندێک کەناڵ هەیە بەشەوان بێژەرەکەی بەرنامە پێشکەش دەکات، بۆ ڕۆژی دواتریش لەهەمان کەناڵ چاوپێکەوتنی لەگەڵ ساز دەدرێت ..!
- بێژەرەکان جگە لەوەی کە هیچی ئەکادیمی نین،و لەهونەری بێژەری نازانن مۆدەی جلەکانیان زۆر خراپە !بێژەرەکانمان بۆ هەندێک بەرنامە پێیان وایە ئەگەر قات و بۆینباغ لەبەرنەکەن بێژەرنین ،کەپێچەوانەکەی ڕاستە.
- بەرنامە بەزمانی عەربی، تورکی ،فارسی ... هتد هیچ ئیجاب ناکات لەکەناڵی کوردیەوە بەئیمەپەخش بکرێت خۆ ئەگەرحەز بەبەرنامەی فارسی، یاخود تورکی ، عەرەبی بکەین کەناڵ زۆرە بۆتەماشاکردنی ئەوان. باکەناڵی کوردی تەنها کوردی بێت!. پاشان هیچ کەناڵێکی عەرەبی بەرنامە بەکوردی ناکات لەبەرئەوەی لەکوردستان ڕەنگە چەند عەرەبێکی لێبێت یان کوردەکانی ئێران فارسی نەبێت کوردی نازانن ... ئەم بەرنامە کردنە بەزمانی داگیرکەرانمان نەریت وبەجێماوێکی تری بەعسە بۆمان ماوەتەوە. هەرچی لەبارەی بەرنامەی ئینگلیزی یە هەتا کەناڵی سی ئێن ئێن وبی بی سی هەبێت کەس گوێ لەهەواڵی تۆ ناگرێت.
- بەرنامەی تەلەڤیزۆنە کوردیەکان هیچ سودێکی تایبەت بەمن ناگەینێت .!گۆرانی لێدەرچێت من هەر تەماشای ناکەم . هەندێک گۆرانی بێژ لەهەفتەیەکدا3 جار گۆرانی یەکی لێدەدرێت گۆرانی بێژیش هەیە بەمانگ وبەساڵ کەس نایبینێت
- هێندەی لەخەمی نیشاندانی وێنەی سەرۆکن هێندە لەخەمی خەڵکدا نین ..!
- بەرنامە لەسەر وەزعی ژن وتێگەیشتن لەمەڕ کێشە هەنوکەییەکانی زۆر کەم ودەگمەنە.!
- بەگشتی باش نی یە ، کێشەی خێزان وکۆمەڵگا هێشتا نەبۆتە باس لەم کەناڵانەدا.
- ئەم کەناڵانە هیچیان بەنیشتیمان پەروەری ودڵسۆزی میلەت وبۆ گەلەکەیان نەکردووە .! بەڵام بۆ بەشان وباڵ هاتنە خوارەوەی پرۆسە تەواونەبوەکانی دەسەڵات هەمیشەکامێراو بێژەرو ڕیپۆرتاژ ئامادەیە.
- فیلمی کوردی ودرامای کوردی زۆرکەمە، ئێمە دەمانەوێت سەیری تەمسیلی کوردی بکەین.! لەبەرنەبوونی درامای کوردی ناچارئێمە زیاترتەماشای درامای عەرەبی بکەین.کەناڵەکان تەنها لەڕەمەزاندا درامامان بۆ پەخش دەکەن . کەناڵی (کوردسات وکوردستان تیڤی) لەیەک کاتدا دراما پەخش دەکەن بۆ ئەوەی تەماشای یەکێکیان بکەین وئەوی تریان بێ بەش بین لەبینینی .
- هیوا خوازین کەهەواڵ وبەرنامەسیاسیەکان کەم بکەنەوە ... هەواڵەکان لەئاستێکی زۆرنزمدایە ،لەکەناڵی تردا بەجۆرێک دەبیسترێت ولەکەناڵە کوردیەکان جگەلەوەی کە درەنگ وەخت پەخش دەکرێن بەجۆرێکی تر دادەڕێژرێتەوە. هەواڵی ناوخۆیش ئەوەی لەبەرژەوەندی ئەواندانەبێت بڵاوناکرێتەوە.
- کەناڵەکوردیەکان بونەتە ئامرازێک بۆ پەخشکردنی بیری پارتەکان خۆیان !
- لەزۆربەی کەناڵەکوردیەکان کاربەسیستمی سانسۆرکراوە،ئەگەر چاوپێکەوتنێک یان ڕوداوێک لەبەرژەوەندی ئەو کەناڵە دا نەبێت بڵاوناکرێتەوە و ناخرێتە ڕوو.



www.dengekan.com
2007-08-21

- کەسەیری گۆرانی دەکەیت ،لەپڕ لەژێرەوە تێکستێکی هەواڵ دەردەچیت،تیایدا هەواڵی تەقینەوە یان هەواڵی دڵتەزێن دەدات بۆنمونە ( تەقینەوەیەک ئەوندەکەسی کوشت) ،ئیدی لەپاش ئەم هەواڵە زەوقی گوێگرتن لەگۆرانیەکەشت نامێنێت، ئەم دیاردەیە لەکوردسات وکوردستان تیڤی بۆخو.ئەوانیش بەمیراتی لەکەناڵە عەرەبیەکانەوە بۆیان ماوەتەوە.
- دووبارە بونەوەی جۆری بەرنامەکان،وەستان لەئاستێکی دیاریکراو،کەناڵەکان بەخاوی دەچنەپێشەوە.! هێندە لەدوواوەن هێندە لەپێشەوە نین.
- رەخنەم لەسەرهەندێک کلیپ هەیە،کەشایستەی نیشاندان نین ،ئەمەجگە لەکڤالیتیَ دەنگ و رەنگ ی کەناڵەکان کەلە ئاستێکی نزمدایە.!
- بەرنامەیان بۆگەنج نی یە،کەناڵەکانمان،خەمی هەمووشتیک دەخۆن بەس لەخەمی گەنجدا نین.!
- بەرنامەیان زۆرکەمە،بەلاَم گۆرانیان زۆرە،بەشی رۆشنبیریان هەرنییە.بەرنامەی زانستی هەرباس مەکە ،تا حاڵەتی دەگمەنی . بەرنامەی منداڵان ئەگەر هەشبێت ،لەهەمووشتیک ئەچێت لەبەرنامەی منداڵان ناچێت
- زۆر بیَ تاقەتم لێیان. بریارم داوە سەتەلایتەکەم لەداخی کەناڵەئاسمانی یە کوردەکان بفرۆشم
- گرافیک کێشەیەکی گەورەیە لەپەخشی ئەم کەناڵانە !
- زۆر بەداخەوە ،! کارمەندی بەتوانایان لەناو نابینم ،وەلەبەرتەسکی بیری حیزبایەتیان هەربەشان وباڵی لێپسراوەکانیان دێنەخوارەوە.
- رەخنەم لەسەرستۆدیۆکان هەیە. ئەگەربەرنامەی باش ئامادەبکەیت دەبێت ستۆدیۆی باشیشت بۆی هەبێت دەنا کارەکە نادروست دەبێت ،لەلای ئێمە ستۆدیۆ بۆپرکردنەوەی بۆشای یە لەکەناڵە جیهانیەکانیش ستۆدیۆ بەشێکە لەبەرنامە .
- سەرۆک ،دەسەلاَت وچالاکیەکانیان لەکەناڵە کوردیەکان سومبولیکی زۆربایەخ پێدراوە.
- کەناڵەکوردیەکان زۆر لاوازن ،نەیان توانیوە،وەک میلەتێک بمانناسێنن،ئێمەش فەرهەنگ وکلتوری جوانمان هەیە هیوادارم بەرنامەیەکیان هەبێت بۆ منداڵان ،لەبەرنامەبچێت ، کارتۆنی منداڵان بایەخی پێنەدراوە،یان کۆنە یان بەسەقەتی دەگێنرێتە منداڵ ئاخر کاکی من کەی دەبێت بەمنداڵ ئەم شتانەی بەگوێدابێنیت (بتکوژم، ناشرین، دەرد، دەمت داخە، هەی بیَرێز، چەنەبازی ... هتد) ئاخر ئەمانەکەی رەوشتن منداڵەکانمان بەنەزانی فێریانی بکەین.!
- ووشەی عەرەبی وبێگانە زۆر تێکەڵی زمانی تیڤیکانمان بووە، پێویستە چارەسەرێک بکرێت ،تەلەڤیزۆن کاریگەری زۆرە.مرۆڤ بیَ ئەوەی هەست بەخۆی بکات بەجۆرێک لەجۆرەکان خۆی دەداتە دەست تەلەڤیزیۆن . جاکەوایە با تەلەفیزۆنەکانمان لەئاستی ئەوخۆبەدەستدانەی بینەربێت.
- کات لەم کەناڵانە،هیچ مانایەکی ئەوتۆنابەخشێت.کاتی بەرنامەکان زیاتربۆپرکردنەوەی ماوەی پەخشی بەرنامەکانە.!
- نوسینی کەناڵەکانمان بەئەلفابای لاتینی یە بەلاَم زمانی نوسین و قسەکردنی فەرمیمان بەئەلفابای ئیسلامی یە، کەناڵەکان هێشتا خۆیان ساغ نەکردۆتەوە بەکامەیان بنوسن ،نازانین کەی خۆیان ساغ دەکەنەوە.وئێمەش لەم سەرلێشێواوی یە رزگاربکەن من ئەپرسم بێژەر بەکام ئەلفابیَ هەواڵ دەخوێنیتەوە .
- ئەگەرویستت میلەتێک لەرووی پێگەیشتنەوە، بناسیت بنوارە بۆ کەلتورو مێدیاکەیەوە ،مێدییای بینراوی کوردی لەئاست رۆشنبیرکردنن وگەشەپێدانی رەهەندە ئەقڵیەکانی تاکی کوردکەم تەرخەمە.!
- بەرنامەی سیاسی کەم بکەنەوە،بەرنامەی رۆشنبیری زیادبکەن ،لەگەڵ تەندروستی زۆرزۆر پێویستەهەبێت

ئەوەی کەپێویستە بوترێت :

ـ ژمارەی فۆرمەکان هەرولاَتەو 120 فۆرمی بەدەستی تیادابەشکراوە ،لەو120 فۆرمە کاربە100 ـ 80 فۆرمکراوە 20 فۆرم کەمتر یان زیاتر بەتەلەف وتەواو نەبوو مامەڵەی لەگەڵ کراوە.

ـ خەرجی گشتی ئەم پرۆژەیە 58 دۆلار بووە ئەم خەرجی یە ئەوسەرفکردنەش دەگرێتەوە کەلەناردنی فۆرمەکان بە پۆست کراوە.

ـ سوپاس بۆ (ماڵپەری دەنگەکان، ئەنیستوتی کوردلەپاریس، رادیۆی هاوپشتی لەسوید )و سەرجەم ئەو کەسانەی کەخۆبەخشانەو بیَ بەرامبەر کاری فۆرم دابەشکردن و وەرگرتنەوە و ناردنەوەیان خستە ئەستۆی خۆ.

ـ کەناڵی نەورۆز 1 وکەناڵی نەورۆز 2 وکەناڵی گەلی کوردستان نەتوانرا بخرێنە ئەم راپرسی یەوە. لەبەرئەم هۆیانە:

کەناڵی نەورۆز1 . کە بەفەرمی کەناڵی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستانەو ڕاستەوخۆ لەلایەن پارتی دیموکراتی ی کوردستان سەرپەرشتی دەکرێت و لەهەولێر بەرنامەکانی پەخش دەکات.لەکاتی ئەنجامدانی ڕاپرسیەکە لەقۆناغی تێستدا بووە.
کەناڵی نەرۆز2 ش پرۆژەیەکی پاژاکە (پارتی ژیانەوەی کوردستان ) باڵی پەکەکە ( ئێران ) لەدامەزراندندایە،ئەم پرۆژەیە دەکرێت بەپرۆژەی بەدیلی کەناڵی رۆژ تیڤی بناسرێت ،لەکاتی هەبوونی هەرەشەلەسەرداخستنی ڕۆژتیڤی نەورۆزجێگەی دەگرێتەوە.سەبارەت بەکەناڵی گەلی کوردستان ماوەی 14 مانگە تێستە test وسەربەمەکتەبی ناوەندی ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە لەسلێمانی بەرنامەکانی پەخش دەکات وبڕیارە کەناڵێکی خەبەری بێت هاوشێوەی الجزیرە.

........................................................

لڤین ژمارە 55 دەرچوی ڕۆژی 15 ی ئابی 2007



www.dengekan.com
2007-08-21